کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-11-2007 15:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## عقید سالار جاکسۆن و بڕوانامە میسرییەکانی ... سەردار حاجی

لەسەرەتای هەشتاکاندا مایکل جاکسون کە ئیستا بە پادشای گۆرانی پۆپی ڕۆژئاوایی دەناسرێت هەرزەکارێکی نەناسراو بوو لەگەڵ تیپێکی میللی ناوخۆیدا نەناسراودا بەناوی (جاکسون فایف) کاری دەکرد و سنووری ناوبانگی ولایەتی (ئندیانا) ی ئەمریکی نەدەبەزاند، ئەو کات و پێشتر ڕەش پێستێکی قژ بژی لووت فشی لچ ئەستوور بوو، تاکو کۆمپانیا بەناوبانگەکانی ڕیگلام گرتیانە خۆیان و گەڵاڵەی بەرنامەی بەناوبانگکردنی مایکل جاکسۆنیان دارشت و بۆ ئەم مەبەستەش هەموو زوومی کامیراکان و ڕووناکی ستدیۆکانی جیهانی گۆرانی و تەکنەلۆجیاو نەشتەرگەرییەکانی جوانکاریان لە لووت و لچ و تەنانەت ڕەگی پێستیشا بۆ کرد و بەناوبانگترین مەشقپێکەرەکانی سەماکردن و ئاوازدانەری بەناوبانگیان بۆ بەرجەستەکرد و لەم پێناوەدا بە ملیۆنەها دۆلاریان سەرف کرد، ئەوە بوو یەکەم ئەلبومی کەبەناوی (Thriller) بوو لەساڵی 1984 دا بەهاریکاری ئەم کۆمپانیایانە دەرکرد کە ڕێژەیەکی بی وێنەی لە ژمارەی فرۆشتندا تۆمار کرد کە 104 ملیۆن نوسخە بوو، پاش ئەوە جاکسۆن 13 خەڵاتی (گرامی) وەرگرت و بەم شێوەیە تیشکی ڕیکلامی کۆمپنیاکان خستییە ژێر زەڕەبینی ناوبانگ و شوهرەتەوە و سەرکەوتوو بوون لە بەرهەم هێنانی مەزنترین پڕۆژەی هونەری.

لەوەزارەتی ناوخۆی سلێمانی عقیدێکی نازدار هەیە کە کت و مت و دەقا و دەق کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگی مایکل جاکسۆنەکەی ئەمریکایە بەڵام ئەم لەسەر ئاواز و ڕەوتێکی خۆماڵی.. بەڵی کەسێك نیە لەوەزارەتی ناوخۆی سلێمانی دۆشی دانەمابی لە نازداری لەڕادەبەدەری ئەم زاتە کە بێگومان بی هۆکار نیە!! من نامەوی قەوانە سوواوەکەی زیندانی کردنی عقید سالار جاکسۆن دووپاتبکەمەوە لە هۆبەی ڕامیاری ئاسایش کاتی لەنادی چراخان بەبەرتیلەوە دەگیری 1998 و عیباد البشر نیە نکوڵی ئەم ڕاستییە بکات، کاك سالار لەکاتی فریدون عبدالقادردا کە ئیستا خاوەنی تیاترۆکەی سلێمانی پاڵاسە ئەستێرەی بەختی دەگەشێتەوە و لێرەوە فووتێکردن و نەشتەرگەرییە جوانکارییەکان بۆ ڕوواڵەت و ناوەرۆکی پۆخڵ و شێواو و پرکەلێن و پاشەڵ ملەوەنی کاکە سالار جاکسۆن دەستپێدەکات، بەڵی بەشەوی تارلەگەڵ بایەقوشدا دەچێتە کۆلێژی یاسا تاکو فێری ئەو یاسایە بێت کە ساڵی 1998 لە نادی چراخان خستییە ژێر پێڵاوەکانییەوە کاتی چاوی بز و دەستی پیسی بۆ بەستە پارە سویسرییەکان درێژکرد بەرامبەر فرۆشتنی ویژدان و لەگەڵیا دۆسییەیی کێشەیەکی بنکەی پۆلیسی سەرشەقام، گرۆتینی مەزنکردن و زووم خستنە سەری سالار جاکسۆن لەگەڵ دەستبەکاربوونی عوسمانی حاجی مەحموودا بەردەوام بوو و سەفەرە بێسنوورەکانی ئەوروپا و ووڵاتە بیانییەکانی دەستی پێکرد و بەوێنەی (عبد حمود) مرافقی ئەقدەمی سەدامی دیکتاتۆر توڕیاندایە خوێندنی ماستەرەوە و مانگی پێنجی 2006 بەفڕۆکەی تایبەتی لەسەر حسابی تایبەتی و کراوەی وەزارەتی ناوخۆ چوو بۆ میسر بۆ کڕینی کتێب بۆ کۆپی کردنی ماستەر نامەکەی لەسەر حسابی ماندوو بوون و شەونخوونی نووسەرە میسرییە ڕاستەقینەکان، لەم پێناوەشدا دوو گونی خەت سوور کتێبی ئەوێ لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە کە نرخەکەی نزیکەی هەشت هەزار دۆلار بووە و ئەفسەرەکانی فرۆکەخانەی سلێمانی شاهیدن، بێگومان پێویستە خوێنەری بەڕێز باش بزانێت کە لەتەواوی تەمەنی دەوامکردنی عقید سالار جاکسۆن دا بەهیچ جۆرێك و بەشاهیدی هەموو ئەفسەرەکان لە قات و بۆینباخ زیاتر بەرگی سەربازی نەپۆشیووە و کەس نەبووە موحاسەبەی بکات، زەمەن ڕۆیی و وەزارەتی ناوخۆ ئەمجارە بەقەڵاندۆشکان بەرزیان کردەوە بۆ خوێندنی دکتۆرا بەڵی ئەمجارە سەرەتای مانگی یانزەی 2007 و بەهەمان شێوەی 2006 و لەسەر حسابی موکەڕەڕی ئەبو شوارب عقید سالار جاکسۆن بەهەمان شێوە لەڕێوڕەسمێکی شکۆداردا جارێکی تر بەرەو ووڵاتی کتێب و شارستانیەت و ئەهرامەکان میسرە حەیاتەکە کەوتەوە ڕی، تاکو ئەمجارەش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-11-2007 15:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

زانست و ماندووبوونی چەند پسپۆڕ و شارەزایەکی میسری داماو حەپەلووش بکات و بیکات بە خۆراکی بڕوانامە فەلە لەنگەکانی، بەڵی وەك جاری پێشوو بەچەند گونییەك کتێبی نایاب و کەم وێنەوە گەڕایەوە سلێمانی کەنرخەکەی 7500 دۆلار بووە و وەزارەتی ناوخۆ بەڕێزەوە تەواوی مەسروفاتەکەی بە کری فڕۆکە و نووستن و خواردنەوە خستۆتە گەردنە پانەکەی خۆی، بەڵی بڕوانامەکانی عقید سالار جاکسۆن تەواو وەك ئاوازەکانی هەڵکەوت زاهیر وایە کە ئەگەر تەنها بەدەنگ گوێت لی بێت پێت وایە یەکێکە لە گۆرانیەکانی (شعبان عبدالرحیم) کە دەڵی: ڕنا ڕکرە ڕسرائیل... بەڵی عقید سالار جاکسۆن کۆمپانیایی ڕیکلامی وەزارەتی ناوخۆ هەمیشە لەئامادەباشیدا بۆ ڕازیکردنی ئەم زاتە و لەم پێناوەشدا نەك بەتەنها پشگیری کوێرانە و مزمەعیلانەی لی دەکری بەڵکە زیاتر لەجارێك وەزیری ناوخۆ یاسا نووسراوە جێگیرەکانی شکاندووە یان دەستکاری کردووە بۆ خاتری سالار جاکسۆن، وەك ئەوەی کردی بەڕاگری کۆلێژی پۆلیس بی ئەوەی دەرچووی کۆلیژی پۆلیس بێت هەرچەندە یاسای بنەڕەتی کۆلێژ دەلی دەبێت دەرچووی کۆلێژی پۆلیس بێت، لەهەموو جیهانی ڕۆژئاوایی و ڕۆهەڵاتی و کوتلەی سەرمایەداری و سۆسیالیستی ئەمریکای باشوور و باکوور ئوستralia و دوورگەکانی ئۆقیانووسی هێمن و ئەتلەسی دا ڕووینەداوە و جارێکی تر ڕوونادات کە کۆلێژی پۆلیس ڕاستەوخۆ ببەسترێتەوە بە وەزارەتی ناوخۆوە، کەچی وەزیری ناوخۆی ئێمە ئەم سەروەرییە کەم وێنەیەیی بۆ مێژووی خۆی تۆمار کرد و بە نووسراوی ژمارە 14789 لە بەرواری 2007/10/24 دا بڕیارێکی دەرکردووە کە تیایدا هاتووە:

1. بەستنەوەی ڕاستەوخۆی کۆلێژی پۆلیس بە وەزارەتی ناوخۆوە.
2. گواستنەوەی میلاکی گشت ئەفسەر و کارمەندانی کۆلێژ لە گشتی پۆلیسەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ.
3. گواستنەوەی گشت کەل و پەل و ئوتومبیلەکان بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ.
4. ئەم بڕیارە لە 2007/10/31 دا پاش نیوەڕۆ جێبەجی دەکرێت.

ئافەرین جەنابی وەزیری ناوخۆ لە وولاتان وەزیری ناوخۆی ئەوی لە پێناوی خۆشگوزەرانی میللەتەکەیدا شەڕی هەموو کەس و لایەنێك دەکات و وەزیرەکەی ئێمەش لە پێناو عقید سالار جاکسۆنی کۆنە بەرتیل خۆردا بەگژ هەموو یاسا و ڕێسا و ئەفسەرەکان و تەنانەت وەکیلەکەشیدا چۆتەوە، بەڵام ئەمە ئابروو چوونە و ئابرووچونی لەدوایەت و مێژوو بە لەپەڕە ڕزیو و ژەنگاوییەکانیدا ئەم یارییە منالانەیە تۆمار دەکات، ئێمەی نەوەی ئایندە خەو بەو ڕۆژگارەوە دەبینین کە کەس لەم وەزارەتە چی تر بەئاینی کووتلە شایەتمان نەهێنێت و ڕۆژی بێت دەستەگەرێتی و فەرق و جیاوازی وەك جەستەی جەلادەکان تووڕ بدرێتە گۆڕی تاریکەوە و ستافی گەندەڵ و تاك پەرست گۆڕبەگۆڕ بکرێت، لەکۆتایشدا بە عقید سالار جاکسۆن دەڵیم: یا گەدەع وەڵا ئەنتە بیتاع کولو یا معلم یا کبیر..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.